تێستی ئراکتیکی یەکەم

1. کەی جەنگی جیهانی دووەم The Second World War ڕوویدا؟

A. 1840 - 1846

B. 1901 - 1918

C. 1919 - 1925

D. 1939 – 1945

---

2. کام لەو گوتنانەی خوارەوە ڕاستە؟

A. هەندێ لە لاوان کار دەکەن بۆ ئەوەی نرخی (مەسرەفی) خوێندنی زانکۆ university fees وگوزەرانیان expenses بدەن

B. خوێندن لە زانکۆ بە خۆڕایی یە بۆ هەر کەسێکی ئارەزووی لێ بێت

---

3. کەی ئافرەتی شوو کردوو مافی مولکایەتی پارەوپول وسامانی تری to retain the right Ownership بە دەست هێنا؟

A. 1752

B. 1792

C. 1810

D. 1882

---

4. لە کام دوو وڵات بەریتانیا پەناهەندەی refugees وەرگرت لە کۆتایی شەستەکان 1960s؟

A. ئەسیوبیا

B. خۆرهەڵاتی باشوری ئاسیا

C. تورکیا

D. ئۆگەندا Uganda

---

5. ڕێژەی سەدی percentage دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو UK کە لە ئینگلتەرا دەژین چەندە؟

A. 53٪

B. 68٪

C. 75٪

D. 84٪

---

6. ناوی قەشەی هەرە مەزنی patron saint ئیسکوتلەندا چی یە؟

A. حەزرەتی ئەندرۆ St Andrew

B. حەزرەتی دەیفد St David

C. حەزرەتی جۆرج St George

D. حەزرەتی پاتریك St Patrick

---

7. ڕۆژی دایك Mother's Day دەکەوێتە کام لەو ڕێکەوتانە؟

A. ئەو شەممەیەی چوار هەفتەی بمینێت بۆ ئیستەر

B. ئەو یەك شەممەیەی چوار هەفتەی بمینێت بۆ ئیستەر

C. ئەو یەك شەممەیەی یەك هەفتەی بمینێت بۆ ئیستەر

D. ئەو یەك شەممەیەی سێ هەفتەی بمینێت بۆ ئیستەر the Sunday three weeks before Easter

---

8. کەی هەڵبژاردنی گشتی general elections دەکرێت؟

A. ساڵی جارێك بە لایەنی کەمەوە

B. چوار ساڵ جارێك بەلایەنی کەمەوە

C. پێنج ساڵ جارێك بەلایەنی کەمەوە at least every five years

D. دە ساڵ جارێك بەلایەنی کەمەوە

---

9. کەی دادوەر دەتوانێت بڕیاری تاوانباری guilty وبێ تاوانی innocent کەسێك بدات؟

A. دادوەر هەردەم دەتوانێت تاوانباری وبێ تاوانی کەسێك بدات بەبێ گوێگرتن بە جۆری تاوانی ناوبراو

B. دادوەر ناتوانێت بڕیاری تاوانباری وبێ تاوانی کەسێك بدات، لە جیاتی پێویستە جیوری ئەو کارە ئەنجام بدات

C. ئەگەر یەکێك تاوانبار کرابێت بە تاوانێکی بچوك minor crime

D. ئەگەر یەکێك تاوانبار کرابێت بە تاوانێکی بچوك

10. شانشینی یەکگرتوو UK مولزەمە (پابەندە) بە یاسای یەکێتی ئەوروپا The European Union لە ڕووی یاساییەوە. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

11. ئەمڕۆ سەرەکیترین ئامانج the main aim لە سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا چی یە؟

A. کارکردنی وڵاتانی ئەندام وەك یەك بازاڕ

B. بۆ پێشخستنی کاریگەرێتی**efficiency** وڵاتانی ئەندام

C. بۆ پەیڕەو کردنی وڵاتانی ئەندامە لە یەك یاسا

D. بۆ پاراستنی مافی مرۆڤە لە وڵاتانی ئەندامدا

12. ڕۆژنامەکان ناتوانن بیروڕای سیاسی بڵاوبکەنەوە یان هەڵمەت وکەمپەین publish or run political openions campaigns بکەن بۆ کارکردن لەسەر حکومەت. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

13. چەند دەوڵەت ئەندامن لە کۆمنوێلس The Commonwealth ؟

A. بیست وپێنج 25 دەوڵەتی ئەندام

B. سی ونۆ 39 دەوڵەتی ئەندام

C. پەنجا وسێ 53 دەوڵەتی ئەندام

D. حەفتا وپێنج 75دەوڵەتی ئەندام

14. کەی شانشینی یەکگرتوو UK (بەریتانیا) بوە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا The European Union ؟

A. ساڵی 1935

B. ساڵی 1959

C. ساڵی 1979

D. بەریتانیا ئەندام نیە لە یەکێتی ئەوروپا

15. کێ دەتوانێت گرێ بەندێکی یاسایی legal agreements پێویستت بداتێ بۆ کڕینی خانوێك؟

A. بانکێك a bank

B. پارێزەرێك (سۆلیسیتەر) a solicitor

C. ئەندازە گرێك (زەوی پێو) a surveyor

D. دەسەڵاتی ناوەخۆ the local authority

16. بۆت نیە دوو کۆمپانیای جیاواز هەلبژێریت لە نێوان کارەبا وغازدا؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

17. پێویستت بە چی یە پێشکەشی کەیت بۆ کردنەوەی حیساب بانکێك a bank account؟ دوو لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە؟

A. بری 500 پاوەند
B. مۆڵەتنامەی کارکردن
C. بەلگەی ناونیشانت proof of your address
D. بەلگەی ناسنامە proof of your identity

18. زۆرترین ژمارەی سەعاتی maximum number of hours (کاتژمێری) کارکردن چەندە بۆ منداڵێك لە هەر قوتابخانەیەك لە هەفتەیەکدا؟

A. دوازدە 12 سەعات
B. هەژدە 18 سەعات
C. بیست 20 سەعات
D. سی وهەشت 38 سەعات

19. خێرایی دیاریکراو the speed limit بۆ ئۆتۆمبیل وماتۆر چەندە لە ناوچە نیشتەجێییەکان built-up areas (ناو ماڵان)؟

A. سی 30 میل لە سەعاتێك
B. پەنجا 50 میل لە سەعاتێك
C. شەست 60 میل لە سەعاتێك
D. حەفتا 70 میل لە سەعاتێك

20. تۆ پێویستت بە مەوعیدە بۆ چونە مەڵبەندی NHS walk-in؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

21. لە بەریتانیا ئەو قوتابخانەی پەیوەندارن بە ئاینێکی تایبەت پێیان دەوترێت faith schools(قوتابخانەکانی باوەڕ). ئەو گوتەیە ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

22. پێویستت بە چی یە پێشکەشی کەیت وپڕی کەیتەوە کاتێ داوایەك پێشکەش دەکەیت بۆ کارێك؟ دوو لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. فۆرمی داواکردن یان ژیننامەت curriculum vitae
B. بیلی غاز یان تەلەفۆن
C. نامەی هاوپێچ A covering letter (نامەیەکە کە لەگەڵ بڕۆوانامەیەك یا بەلگەیەك دەنێردرێت بۆ زیاتر ڕونکردنەوە) یان نامەی پێشکەش کردن (داوانامە)
D. بەلگەی حیسابی بانك

23. ئەوەی ڕاستە لەوانەی خوارەوە هەڵیان بژێرە؟

A. ئەگەر تۆ خاوەن کاری خۆتی self-employed پێویست دەکات خۆت تاکسی خۆت بدەیت

B. ئەو کەسانەی خاوەن ئیشی خۆیانن تاکس بە شێوەیەکی تۆماتیکی لە پارەیان دەبڕدرێت

24. خاوەن کارت دەتوانێت دەرت کات لە کار ئەگەر ئەندامی سەندیکا union member بویت. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

تێستی ئراکتیکی دووەم

1. بۆ ژمارەی کۆچکەران بۆ بەریتانیا لە دورگەکانی هیندی خۆرئاوایی West Indies وهیندستان وپاکستان وبەنگلادیش دابەزی لە کۆتاییەکانی ساڵانی شێست؟

A. لاوازی دراوی بەریتانی بوە هۆی کەمبوونی ئاستی کۆچکردن

B. دۆزینەوەی کار بۆ کۆچکەران بۆ بەریتانیا سەختتر بوو

C. یاسای نوێ دەرچوون بۆ سنوردارکردنی کۆچ بۆ بەریتانیا new laws were introduced restricting immigration to Britain

D. ئەو وڵاتانە خۆیان کەم وکورتی یان هەبوو لە کرێکار

2. لاوانێکی زۆر جگەرە دەکێشن، وکچانیش بە تایبەتی زیاتر لە کوڕان جگەرە دەکێشن ، ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

3. ژمارەی پیاوان لە زانکۆکان زیاترە لە ژنان. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

4. لە ساڵانی پەنجاکان 1950s، کارگەکانی رستن وچنین وئەندازیاری textile and engineering firms لە بەریتانیا نوێنەری خۆیان نارد بۆ کام دوو وڵات بۆ هێنانی کرێکار؟ دوو وڵات لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە؟

A. هیندستان

B. پاکستان Pakistan

C. پۆڵەندا

D. ئەفریقیای باشوور South Africa

5. بەپێی سەرژمێری ساڵی 2001، چ ڕێژەیەك لە هاوڵاتیانی بەریتانیا کریستیانن Christians (مەسیحین)؟

A. نزیکەی 50٪

B. نزیکەی 90٪

C. نزیکەی 70٪

D. نزیکەی 20٪

6. کەی ئاهەنگی کریسمس Christmas دەگێڕدرێت؟

A. لە 1 ی جانیوەری January

B. لە 24 دیسەمبەر

C. لە 25 دیسەمبەر

D. لە 25 نۆڤەمبەر

7. ناوی پیاوچاکی پیرۆزی هەرە مەزنی paron saint ئێرلەندای باکوور چی یە؟

A. حەزرەتی ئەندرۆ St Andrew

B. حەزرەتی دەیڤد St David

C. حەزرەتی جۆرج St George

D. حەزرەتی پاتریك St Patrick

8. سەرۆك وەزیران the Prime Minister وزۆربەی ئەندامانی کابینە ئەندامی پەرلەمانن. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

9. کوانگۆ quango چی یە؟

A. ئۆفیسەری پۆلیسی ناوخۆیە

B. رێکخراوێکی غەیرە جکومی گشتی یە a non-departmental public body

C. ناوێکی ترە بۆ لۆرد کانسلەر

D. ناوی ئاهەنگی بوونە هاوڵاتی بەریتانی یە

10. هیچ وڵاتێك نابێت لە ئەنجوومەنی ئەورووپا Council of Europe دەربکرێت. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

11. پێویستە پاڵێوراو candidate چی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی شارەوانی ناوخۆ local councillor؟

A. بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو شوێنەی کە دەیەوێت نوسینگەی لێی هەبێت a connection with the area in which they wish to take office

B. 500 پاوەند دیپۆزێت (پێشەکی)

C. پەسەندنامەی ئەندام پەرلەمانی ناوەخۆ

D. ئەندامێتی حیزبێکی سیاسی

12. کێ لەو لیستەی خوارەوە بەرپرسیار نییە لە کۆنترۆڵکردنی مەسرەف کێشانی (خەرجی) پۆلیس controlling the finances of the police؟

A. ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی

B. دادپرسەکان

C. پۆلیسی ئۆمبەدسمان Police obudsman

D. حکومەت

13. چۆن دەتوانی ئەندام پەرلەمانی ناوەخۆت local MP ببینی؟

A. بە چوون بۆ نوسینگەی ناوەخۆ a local surgery

B. بە داوەت کردنیان بۆ نان خواردن

C. بە سەردان کردنی ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons

D. بە سەردانی کردنی فەرمانگەی گشتی ناوەخۆ town hall

14. ڕۆڵی قەمچی بە دەست whips لە پەرلەماندا چییە؟ دوو وەڵامی ڕاست لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. بەرپرسیارە لە زەبت وڕبتی (دیسپلینی) ناو حیزبەکەی
B. دابینکردنی ئامادە بوونی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی دەنگ داندا لە ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons دا
C. مسۆگەر کردنی سەلامەتی ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons
D. پاراستنی ڕێك وپێکی ویاسا لەناو ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی دا لەکاتی مشت ومڕی سیاسیدا

15. کێ ئەو خانوە دەپشکنێ checks کە تۆ مەبەستتە بیکڕیت؟

A. ڕێکخراوی خانوبەرە housing association
B. خاوەن خانو landlord
C. زەوی پێو surveyor
D. بیناساز

16.کام ژمارەی تەلەفۆن لەوانەی خوارەوە بۆ پەیوەندی کردنە بە پۆلیس وئاگر کوژێنەوە وئوتومبیلی فریاکەوتن لەکاتی تەنگانەدا؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. ژمارە 999
B. ژمارە 112
C. ژمارە 111
D. ژمارە 911

17. پێویستە خەڵك مۆڵەتنامەی تەلەفزیۆن TV licence بکڕن بۆ هەر تەلەفزیۆنێك کە هەیەتی. ئەو گوتەیە ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

18. لەکام ساڵ خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (NHS) National Health Service دەستی پێکرد؟

A. لە 1911
B. لە 1939
C. لە 1948
D. لە 2000

19. خێرایی دیاریکراو speed limit بۆ ئۆتۆمبیل و ماتۆڕ لەسەر مۆتۆروەی و ڕێگای دووانەی کاریجوەی a dual Carriageway چەندە؟

A. سەد 100 میل لە سەعاتێك
B. پەنجا 50 میل لە سەعاتێك
C. شەست 60 میل لە سەعاتێك
D. حەفتا 70 میل لە سەعاتێك

20. ئەگەر پێویستت بە مانەوە بوو لە نەخۆشخانە بۆ شەو، چیت ناو لێدەنێن؟

A. نەخۆشی یەك ڕۆژە
B. نەخۆشی یەك شەوە
C. نەخۆشی داخیلکراو in-patient
D. نەخۆشی دەرەوە

21. لە کوێ منداڵان فێری زمانی وێلشی Welsh دەکرێن لە قوتابخانە؟

A. ئینگلتەرا

B. وێلز Wales

C. ئێرلەندای باکوور

D. سکۆتلەندا

22. پێویستە داوا لە کێ بکەیت ببێتە پەسەندکارت referee کاتێ داوای کار دەکەیت. دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. خاوەن کاری پێشووت

B. برادەرێکی زۆر نزیکت

C. خزمێکت یان ئەندامێکی خێزانەکەت

D. مامۆستایەکی کۆلیژ

23. کام لەو گوتنانەی خوارەوە ڕاستە؟

A. هێڵی یارمەتی helpline فەرمانگەی HM Revenue and Customs self-assessment دەتوانێت یارمەتیت بدات وئامۆژگاریت بکات بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی تاکس

B. تۆ تەنها لە حاڵەتێك دەتوانیت یارمەتی وەرگریت بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی تاکس ئەگەر لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریە پارەت دا

24. ئەگەر کرێکارێك لە دواکەوتن وئامادە بوون لە کاتی خۆی punctuality or attendance does not improve پێش نەکەوت پاش پێدانی ئاگاداری یەك، خاوەن کار بۆی هەیە ڕاگەیاندن نامەیەکی پێ بدات بۆ بە جێهێشتنی کارەکەی. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

تێستی ثراکتیکی سێیەم

1. بۆچی بەریتانیا لە پەنجاکان 1950s هانی کۆچ کردنیان دا؟

A. لەبەر ڕێککەوتنامەیەك لەگەڵ وڵاتانی تری کۆمۆنوێلس The Commonwealth

B. بۆ جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی یەکێتی ئەوروپا

C. بۆ پێشکەش کردنی پەناگە بۆ ئەو خەڵکەی لە ستەم ڕایان کردبوو

D. بۆ چارەسەر کردنی کەمی کرێکار لە بەریتانیا

2. کام لەو گوتنانەی خوارەوە ڕاستە؟

A. شتێکی نایاسایی it is illegal یە سەرخۆش بیت drunk لە ناو خەڵکدا in public

B. شتێکی نایاسایی it is illegal لە هەر شوێنێك سەرخۆش بیت

3. کرێکارانی ئێرلەندی کام جۆرە کاریان دەکرد لە بەریتانیا لە کاتی برسێتی یەکەی ئێرلەندا Irish famine دا؟

A. بنیاتنانی کەناڵ وهێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر build canals and railways

B. لێخوڕینی پاسی ناوەخۆ

C. وانە وتنەوە لە قوتابخانەدا

D. کار کردن لە کارگەکانی ڕستن

4. کەی ئاهەنگی هالۆوین Hallowe'en دەگێڕدرێت؟

A. لە 1ی ئازار / March
B. لە 31 ی ئۆکتۆبەر October
C. لە 1 ی نۆڤەمبەر
D. لە 30 ی نۆڤەمبەر

5. نازناوی پاشاژن یان پاشا چییە لەناو کلێسای ئینگلتەرا The Church of England؟

A. کەڵە قەشەی کانتەربەری Archbishop of Canterbury
B. فەرمەنڕەوای گشتی
C. سەرۆکی قەشەکان
D. فەرمەنڕەوای باڵا Supreme Governor

6. پێویستە چەند ساڵ تێپەڕێت بەسەر فۆرمێکی تایبەت بەکەسێك individual's census form تا بتوانرێت ببینرێت لەلایەن خەڵك بە گشتی؟

A. دە 10 ساڵ
B. سەد 100 ساڵ
C. پەنجا 50 ساڵ
D. فۆرمی سەرژمێری شتێکی نهێنی وتایبەتییە هەرگیز نابێت لەلایەن خەڵکی گشتی ببینرێت

7. لە ڕۆژی کریسمس ئاهەنگ بە بۆنەی چییەوە دەگێڕدرێت؟

A. لە دایك بوونی یەسوعی مەسیح Jesus Christ
B. کۆچی دوایی کردنی یەسوعی مەسیح Jesus Christ
C. موعجیزاتەکانی یەسوعی مەسیح Jesus Christ
D. زیندوو بوونەوەی یەسوعی مەسیح Jesus Christ

8. ڕۆڵی ئەندامی پەرلەمان چییە؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. چاوەدێری کردن و لێدوان وڕەخنە گرتن لەسەر کارەکانی حکومەت
B. هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆردەکان
C. دەنگدان لە پەرلەمانی ئەوروپی
D. نوێنەرایەتی کردنی ناوچەی هەڵبژاردن constituency ی خۆیان

9. ڕێکخراوە نا حکومییە گشتییەکان non-departmental public bodies لە ژێر کۆنترۆڵی سیاسی حکومەتدایە. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە
B. چەوتە

10. کام لەوانەی خوارەوە ڕێکەوتنامەیەکە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان UN ئەنجام نەدراوە؟

A. ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەك لە دژی ئافرەت

B. ڕێکەوتنامەی پاراستنی چینی ئۆزۆن the Convention on the Protection of the Ozone Layer

C. ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافی منداڵان

D. جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

11. چۆن بڕیار دەدرێت کام حیزب حکومەت پێك دەهێنێت؟

A. ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆردەکان دەنگ دەدەن بۆ حیزبی پەسەند کراویان

B. ئەو حیزبەی زۆربەی ناوچەی هەڵبژاردنەکان constituency دەباتەوە ئەو حکومەت پێك دەهێنێت

C. ئەو حزبەی زۆرترین پاڵێوراوی هەیە ئەو حکومەت پێك دەهێنێت

D. ئەو حزبەی زۆربەی دەنگ وەدەست دەهێنێت ئەو حکومەت پێك دەهێنێت

12. بۆ ئەوەی یەکێك ببێتە ئەندامی شارەوانی ناوخۆ local councillor ، پێویستە کەسی پاڵێوراو candidate پەیوەندی ناوەخۆی هەبێت لەگەڵ ناوچەکە. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

13. ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons ناتوانێت بڕیار بەدژی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords بدات. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

14. ئەرك وکاری ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords چییە؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. پێشنیار کردنی چاکسازی لە یاساکان

B. پێشنیار کردنی یاسای نوێ

C. هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران

D. هەڵبژاردنی قسەکەری ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons

15. ئەو خانووانەی لەلایەن دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority پێشکەش دەکرێت ناوی چیان پێدەڵێن؟

A. خانووبەری شارەوانی Council housing

B. خانووی بە خۆڕایی

C. خانووبەرەی ناوەخۆ

D. خانووبەرەی بازاڕ

16. ئەگەر تۆ پارەی بیلەکانی کارەبات نەدا وئەوانیش کارەبایان لێبڕیت، دەتوانیت هێڵەکەت بگەڕێنیتەوە (کارەبا وەرگریتەوە) بە خۆڕایی. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە
B. چەوتە

17. کام لەو گوتنانەی خوارەوە ڕاستە؟

A. ئەگەر تۆ کاش کارت یان دێبت کارتت ون کرد lose your cash or debit card پێویستە یەکسەر هەواڵ بە بانك بدەیت
B. ئەگەر تۆ کاش کارت یان دێبت کارتت ون کرد lose your cash or debit card پێویستە تەنها کاتێك هەواڵ بە بانك بدەیت ئەگەر دڵنیا بویت کە لێت دزراوە

18. مانای NHS چییە؟

A. خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی National Health Service (NHS)
B. ستادیۆمی هۆکی نیشتیمانی
C. پێشانگای ئەسپی نیشتیمانی
D. پێشانگای خانوە نوێکان

19. خێرایی دیاریکراو لە تاك کاریجوەی چەندە؟

A. شەست 60 میل لە سەعاتێك
B. حەفتا 70 میل لە سەعاتێك
C. هەشتا 80 میل لە سەعاتێك
D. نەوەت 90 میل لە سەعاتێك

20. کە بۆ شەو لە نەخۆشخانە مایتەوە، پێویستە خۆت خواردنی خۆت دابین بکەیت. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە
B. چەوتە

21. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟
A. قوتابخانەکان دەتوانن بە ویستی خۆیان وانەی پەروەردەی ئایینی بۆ هەر قوتابیەك دیاری بکەن
B. باوکان ودایکان بۆیان هەیە منداڵەکانیان لە وانە وپەروەردەی ئایینی بکێشنەوە

22. کاتێك بە دوای ئیش دەگەڕێیت، مەبەست لە پەسەندکار referee چییە؟

A. بۆ سەودا کردنە لەسەر مووچە لە پاش سەرکەوتنت لە دیدەنی (ئینتەرڤیو)
B. بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك لە نێوان تۆ وخاوەن کار
C. بۆ گەڕان بە دوای کارێك کە لەگەڵ تۆ بگونجێت
D. بۆ نوسینی ڕاپۆرتێك دەربارەی شیاوی (گونجاوی) کەسێك بۆ کارێك to write a report about a person's suitablity for a job

23. هاوکاریەکانی دابینکردنی نیشتیمانی national insurance contribution بۆ چی مەبەستێکە؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. بۆ هاوکار کردن لە مووچەی خانەنشینی دەوڵەتی

B. بۆ یارمەتی دانی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (NHS)

C. بۆ پارەدانە بە پەروەردە وفێربوون وخزمەت گوزارییەکانی کۆمەڵگا

D. بۆ پارەدانە بە خزمەت گوزارییەکانی پۆلیس وهێزە چەکدارەکانە

24. کەی لەوانەیە بەخششی لەکار بەڕێکردن redundancy pay بتگرێتەوە؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. کارەکەت هیچی تر پێویست نەبوو بۆ خاوەن کارت

B. ئەگەر خاوەن کار توانای پێدانی مووچەی کارەکانی نەبێت

C. ئەگەر لە کارەکەت دەرکرایت

D. ئەگەر تۆ مەبەستانێکی دیاریکراوی خاوەن کارت جێبەجێ کرد

تێستی ئراکتیکی ضوارەم

1. بۆچی بەریتانیا ڕێگای دا بە هاتنی 28000 کەسی بە ڕەچەڵەك هیندی لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکان؟

A. لەبەر بوونی ڕێکەوتنامەیەك لەگەڵ حکومەتی هیندی

B. چەنکە لەدەست چەوساندنەوەی ئایینی ڕایان کردبوو

C. چونکە ئەوان ناچارکران بەزەبر وزەنگ ئۆغەندا بەجێبێڵن

D. بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتی لە کرێکاری کارامە

2. ڕێژەی ئەوانەی لە دانیشتوانی بەریتانیا جارێك لە ڕابردوو یان لەهەرکاتێك مادەی سڕکەری نایاساییان بەکار هێناوە have used illegal drugs at one time or another چەندە؟

A. یەك چارەگ

B. یەك لە سێ

C. نیوە

D. دوو لە سێ

3. ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی خاوەن منداڵن with children (of school age) – لە تەمەنی قوتابخانەدا – وکاری موچەدار دەکەن paid work چەندە؟

A. نیوە

B. یەك چارەگ

C. سێ چارەگ

D. دوو لە سێ

4. زارزمانی سکاوس Scouse لەکوێ قسەی پێدەکرێت؟

A. کۆرنوێل Cornwall

B. لیڤەرپول Liverpool

C. لەندەن London

D. تینساید Tyneside

5. کەی شەوی گای فۆکس Guy Fawkes Night دێت؟

A. ئێوارەی 15 ی ئۆکتۆبەر
B. ئێوارەی 25 ی سێپتەمبەر
C. ئێوارەی 30 ی مایو/ May
D. ئێوارەی 5 ی نۆڤەمبەر

6. گەورەترین کەمینەی ئیتنیکی ethnic minority لە بەریتانیا کامەیە؟

A. ڕەچەڵەکی بەنگلادیشی
B. ڕەچەڵەکی کاریبی ڕەش پێست
C. ڕەچەڵەکی هیندی Indian descent
D. ڕەچەڵەکی پاکستانی

7. ڕێژەی کەمینەی ئیتنیکی ethnic minority شانشینی یەکگرتوو - UK- کە لە لەندەن دەژین چەندە؟

A. 14٪
B. 30٪
C. 45٪
D. 60٪

8. چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا دەکرێت؟

A. هەموو ساڵێك
B. هەموو چوار ساڵێك
C. هەموو پێنج ساڵێك
D. هەموو دە ساڵێك

9. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. کاروباری پەرلەمان هەرگیز ئاشکرا نییە
B. کاروباری پەرلەمان ئاشکرایە بۆ جەماوەر

10. شانشینی یەکگرتوو - UK- ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپا The European Union بەڵام ئەندام نییە لە ئەنجوومەنی ئەوروپا Council of Europe. ئەو گوتەیە ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

11. چەند جار کابینەی وەزارەت بە شێوەیەکی ئاسایی کۆدەبنەوە؟

A. هەردوو هەفتە جارێك
B. ڕۆژانە
C. مانگانە جارێك
D. هەفتەی جارێك

12. ناوی فۆرماڵی (ڕەسمی) تۆمارگەی دانیشتنەکانی پەرلەمان official record of proceedings چییە؟

A. هاندسارد Hansard
B. هەواڵەکانی پەرلەمان
C. ریکۆردەر
D. وێستمنیستەر هاوەر

13. ژمارەی ناوچەکانی هەڵبژاردن constituency لەسەرتاسەری شانشینی یەکگرتوو - UK- چەندە؟

A. 1,105

B. 350

C. 646

D. 750

14. دوو سیمای سەرەکی فەرمانبەرایەتی میری The Civil Service چین؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. بێلایەنی سیاسی Political neutrality

B. پیشەوەری Professionalism

C. زانیاری ئابووری وکاروبار

D. دڵسۆزی حیزبایەتی

15. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. هەموو کەسێك مافی داواکردنی خانووی شارەوانی هەیە

B. تەنها ئەو خەڵکەی بێنەفیت وەردەگرێت مافی داواکردنی خانووی شارەوانی هەیە

16. کێ بەرپرسیارە لە کۆکردنەوەی زبڵ وپاشەڕۆك refuse ؟

A. دەسەڵاتی ناوەخۆ

B. خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی NHS

C. پۆلیس

D. خاوەن ماڵەکەت (لاندلۆرد) خاوەن خانو landlord

17. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. منداڵان لە نێوان تەمەنی 14 بۆ 16 دەتوانن هەرکارێك بکەن ئەگەر بە شێوەیەکی چاك فێرکرابن

B. کارپێکردنی منداڵان لە نێوان تەمەنی 14 بۆ 16 لە کارێك کە لەوانەیە زیانیان پێ بگەیەنێ، وزامداریان بکات کارێکی نایاسایی یە

18. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. دکتۆرەکانی گی پی GP پێکەوە بە گروپ کار دەکەن

B. گروپی کاری پزیشکەکانی GP جاروبار پێی دەگوترێت Primary Care Health Centre

19. کێ بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی چارەسەری تەندروستی organaising the health treatment بۆ تۆ؟

A. تایبەتمەندێك

B. دەسەڵاتی ناوەخۆ

C. دکتۆری گشتی GP ی تۆ

D. ئەندام پەرلەمانی ناوەخۆ

20. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. هەندێ لە دکتۆرەکانی دان دوو نرخی جیاوازیان هەیە، نرخی (NHS) ونرخی تایبەت

B. هەموو دکتۆرەکانی دان بۆ NHS کار دەکەن

21. لە چ تەمەنێك تاقیكردنەوەكانی قۆناغە سەرەكیەكان Key Stage Tests لە ئینگلتەرا ئەنجام دەدرێت؟

A. لە 10 و 12 و 14

B. لە 11 و15 و 17

C. لە 7 و 15

D. لە 7 و 11 و 14

22. كەی لەوانەیە پێویستیت بە پشكنینی نوسینگەی تۆمارگەی تاوانكاری(CRB) Criminal Records Bureau بێت؟

A. كاتێ داواكاریەك پێشكەش دەكەیت بۆ وەرگرتنی كۆمەكەكان (بێنیفیت)

B. كاتێ داواكاریەك پێشكەش دەكەیت بۆ كارێك پەیوەندی بە منداڵان و خەڵكانێكی لاواز وبێ دەسەڵات vulnerable هەبێت

C. كاتێ خانوێك دەكڕیت

D. كاتێك داوای چارەسەری تەندروستی دەكەیت لە NHS

23. چی ڕودەدات ئەگەر تۆ بڕێكی سەروزیاد لە هاوكاریەكانی دابینكردنی نیشتیمانی national insurance contribution نەدەیت؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. هەندێك بینفێت benefit ناتگرێتەوە وەك كۆمەكی بێكاری job seeker allowance یان بەخششی دایكایەتی Maternity pay

B. لەوانەیە موچەی تەواوی خانەنشینی دەوڵەت وەرنەگریت

C. تۆ جەزا دەكرێیت ودەبێت ئیمزا بكەیت لەسەر پلانی دانەوەی پارەكان

D. لێپرسینەوەت لەگەڵ دەكرێت لە دادگا ولەوانەیە فەرمانی زیندانی كردنت بدرێت

24. لە نێوان چ تەمەنێك پیاوان دەتوانن كۆمەكی بێكاری job seeker allowance وەرگرن؟

A. 16 – 65 ساڵان

B. 18 – 60 ساڵان

C. 18 – 65 ساڵان

D. 21 – 65 ساڵان

تێستی ئراكتیكی ئێنجەم

1. كام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. منداڵان ئازادن لە كاركردن لەهەر كاتێكی ڕۆژدا

B. یاسایی نییە بۆ منداڵان كاربكەن لە پێش سەعات 7 ی بەیانی ودوای سەعات 7 ی ئێوارە

2. ڕێژەی – ئەندازەی – لاوە تازە پێگەیشتووەكان young adults كە لەڕابردوو یان هەركاتێك ماددەی سڕكەری (تلیاكی) بەكار هێناوە لە شانشینی یەكگرتوو - UK- چەندە؟

A. یەك چارەگ

B. یەك لە سێ

C. نیوە

D. دوو لە سێ

3. کەسانێکی کەم لە بەریتانیا پێیان وایە دەبێت ئافرەت لە ماڵەوە بێت ونەچێتە دەروە بۆ کاری موچەدار Paid work. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

4. سەرژمیری census چییە؟

A. ژماردنی هەموو خەڵکە

B. فۆرمێکی پێویستە بۆ دەنگدانە لە ڕێی پۆستەوە

C. ڤیستیڤالێکی کۆنی ئینگلیزییە

D. کۆکردنەوەی ئامارەکانە لەلایەن وەزارەتی حکومەت

5. لە ڕۆژی April Fool's Day چی ڕودەدات؟

A. پشووی گشتییە تا نیوەڕۆ

B. خەڵك دڵخۆش دەبێت بە یاری ئاگربازی Fireworks

C. خەڵکی گاڵتەو گەمە لەگەڵ یەکتری دەکەن play jokes on each other

D. هیچ لەوانەی سەرەوە ناکەن

6. لە کوێ زمانی وێلشی Welsh بە بەرفراوانی بەکار دەهێنرێت؟

A. لە هایلاند وئایسلاند لە سکوتلەندا

B. ئێرلەندا

C. باشووری ئینگلتەرا

D. وێلز Wales

7. بەریتانیا دانیشتوانێکی تەمەنداری هەیە ageing population وژمارەی پێوانەیی هەیە لەوانەی تەمەنیان 85 وبەسەرەوەیە. ئەو گوتەیە راستە statement یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

8. سیستمی 'first past the post'* بەکار دێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی. ئەو گوتەیە راستە یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

* سیستمێکی هەڵبژاردنە تێیدا هەر پاڵێوراوێك کە زۆرترین دەنگی بردەوە لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن constituency کورسیەکی پەرلەمان دەباتەوە.

9. خاوەن ڕۆژنامەکان وسەرنوسەرەکان هەوڵ نادەن کار بکەنە سەر ڕای گشتی. ئەو گوتەیە راستە statement یان چەوتە؟

A. راستە

B. چەوتە

10. شانشینی یەکگرتوو - UK- چ جۆرە دەستورێکی constitution هەیە؟

A. دەستورێکی یاسایی

B. دەستورێکی نوسراو

C. دەستورێکی چارەسەرکراو

D. دەستورێکی نەنوسراو An unwritten constitution

11. خەلکی گشتی ناتوانن سەردانی بارەگای پەرلەمان بکەن. ئەو گوتەیە statement راستە یان چەوتە؟

A. راستە
B. چەوتە

12. کام جۆر لە سیاسیەکان ئەندامن لە کابینەی سێبەر shadow cabinet؟

A. فەرمانبەرانی میری کە کار دەکەن بۆ حکومەت
B. بەگزادەکانی Peers ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords
C. ئەندامە گەورەکانی حیزبی ئۆپۆزسیونی سەرەکی
D. ئەو ئەندام پەرلەمانانەی حکومەت کە لە کابینەدا نین

13. فەرمانبەری میری A civil servant چییە؟

A. بریتییە لە بەرێوەبەرێك manager یان کارگێڕێك administrator کە سیاسەتی حکومەت جێبەجێ دەکات
B. بریتییە لە بەرێوەبەرێك یان کارگێڕێك کە کار بۆ ئەنجوومەنی لۆردەکان دەکات
C. ئەندامێکی حزبێکی سیاسییە
D. ئەندامێکی پەرلەمانە

14. ئەو ڕۆڵە ئاهەنگییە ڕەسمییە ceremonial role گرنگەی کە شاژن یان شا ئەنجامی دەدات چییە؟

A. سەرۆکایەتی کردنی کاروباری ئەنجوومەنی لۆردەکان
B. بەیەك گەیشتنی هەفتانە لەگەڵ سەرۆك وەزیران
C. کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمان Parliamentary session
D. دەنگدان لە ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی

15. لە زۆر لە ناوچەکانی شانشینی یەکگرتوو - UK- کەموکورتی هەیە لە ژمارەی خانوەکانی شارەوانی council accommodation. ئەو گوتەیە statement راستە یان چەوتە؟

A. راستە
B. چەوتە

16. چۆن پارەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ناوەخۆ Local government دەدرێت. دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. بەخششەکانی – گرانتەکانی - grants لەلایەن حکومەتی ناوەندی
B. تاکسی شارەوانی (کانسل تاکس) council tax
C. باربووی خێخوازی
D. پارەی بیمە کردن

17. چی ڕوو دەدات ئەگەر تۆ کۆی ئەو مەبلەغە مانگانەیەی بیلی کرێدیت کارتەکەت نەدەدیت؟

A. هیچ

B. سوو دەکرێیت you will be charged interest

C. داوات لێدەکرێت کرێدیت کارتەکەت بگەڕێنیتەوە بۆ کۆمپانیای خاوەن کارتەکە

D. ناتوانیت کارتەکە بەکار بێنیت تا بیلەکە نەدرێت

18. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. بلیتی شەمەندەفەر دەبێت لە پێشەکی دا بکرێت پێش ئەوەی بچیتە ناو شەمەندەفەر

B. واباوە بلیتی شەمەندەفەر ئەو کاتە بکرێت کە دەگەیتە شوێنی مەبەست

19. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. لە حالەتی تەنگانە – ئێمیرگینسی – دا دەتوانیت بچیتە نەخۆشخانە تەنها ئەگەر نامەی دکتۆری GP یت پێ بێت

B. لە حالەتی تەنگانە – ئێمیرگینسی – دا پێویستە بچیتە بەشی تەنگانە وڕووداوەکان Emergency and Accident لە نزیکترین نەخۆشخانەدا

20. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. دەتوانیت خزمەتگوزاری پێش لە دایکبوون ante-natal بە ڕێك وپێکی وەرگریت لە نەخۆشخانەی ناوەخۆت، ومەڵبەندی تەندروستی ناوەخۆ یان لەهەر تیمارگەیەکی پێش لە دایکبوون

B. خزمەتگوزاری پێش لە دایکبوون ante-natal تەنها لە تیمارگەی پسپۆڕ وتایبەت دەست دەکەوێت، وبەشێك نییە لە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (NHS)

21. ئەگەر زمانی سەرەکی منداڵەکەت ئینگلیزی نەبوو، دەتوانیت یارمەتی زیاتر وەرگریت لە مامۆستایەکی پسپۆڕ. ئەو مامۆستایە چی پێ دەڵێن؟

A. مامۆستای ئی ئەی ئێڵ EALteacher

B. مامۆستای پی ئەی ئێڵ PAL

C. مامۆستای LLL

D. مامۆستای ESE

22. شتێکی ئیلزامییە بۆ هەموو کرێکارێك ببێتە ئەندام لە یەکێتی کرێکاران (سەندیکای کرێکاران) trade union. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

23. لەکام تەمەن لاوان - لەهەر دوو ڕەگەز- ژمارەی بیمەی نیشتیمانی national insurance number وەردەگرن؟

A. 14 ساڵ

B. 16 ساڵ

C. 18 ساڵ

D. 20 ساڵ

24. لە نێوان کام دوو تەمەن ئافرەت دەتوانێت داوای کۆمەکی بێکاری job seeker allowance بکات؟

A. 16 – 65 ساڵ

B. 18 – 60 ساڵ

C. 18 – 65 ساڵ

D. 21 – 65 ساڵ

تێستی ئراکتیکی شەشەم

1. بۆچی مەڵبەندەکانی دامەزراندنی کرێکار recruitment centres لە دورگەکانی هیندی خۆرئاوا West Indies دامەزران لە ساڵەکانی 1950s؟

A. بۆ دامەزراندنی کرێکاران بۆ کارگەکانی ڕستن وچنین textile factories

B. بۆ دامەزراندنی کرێکاران بۆ بنیاتنانی کەناڵەکان

C. بۆ دامەزراندنی کرێکاران بۆ بنیاتنانی هێڵی ئاسنین

D. بۆ دامەزراندنی کرێکاران بۆ لێخوڕینی پاس

2. ڕێژەی هەقیقی ئەو لاوانەی کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 2001 لە هەڵبژاردنی گشتی دەنگیان دا چەندە؟

A. یەك لە دوو

B. سێ یەکی (یەك لە سێ کەس)

C. پێنج یەکی (یەك لە پێنج کەس) one in five

D. شەش یەك (یەك لە شەش کەس)

3. زۆرترین کات چەندە کە منداڵێك دەشێت کار بکات بەرلەوەی یەك سەعات بوەستێت بۆ پشودان؟

A. 10 سەعات

B. 4 سەعات

C. 6 سەعات

D. 8 سەعات

4. کام وڵات لەوانەی شانشینی یەکگرتوو - UK- پێك دەهێنن بەرزترین ڕێژەی گروپە کەمایەتییە ئیتنیکیەکانی ethnic minority groups تێدایە؟

A. ئینگلتەرا

B. وێلز

C. سکوتلەندا

D. ئێرلەندای باکوور

5. ژمارەی دانیشتوانی ئینگلتەرا چەندە؟

A. 23.4 ملیۆن

B. 38.1 ملیۆن

C. 50.1 ملیۆن

D. 58.8 ملیۆن

6. کەی ڕۆژی ڤالنتاین Valentine's Day دێت؟

A. 1 ی ئەپریل

B. 1 ی فێبریوەری

C. 14 ی ئەپریل

D. 14 ی فێبریوەری

7. پێویستە شاژن شو بە کەسێك نەکات ئەگەر پرۆتستانت Protestant نەبێت. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

8. بەگزادەکانی پشتاوپشت Peers hereditary مافی ئامادەبوون بە شێوەیەکی تۆماتیکی لە ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords یان لەدەستدا. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

9. کام لەو گوتنانە ڕاستە؟

A. تەنها هاوڵاتیانی بەریتانی لەدایك بوو لە بەریتانیا مافی دەنگ دانیان هەیە

B. هەر دووکیان هاوڵاتیانی لە دایك بووانی شانشینی یەکگرتوو UK born وڕەگەزنامە وەرگرتوو naturalised مافی دەنگدانیان هەیە

10. ئەو پایە وەزیریە ناوی چییە کە بەرپرسیارە لە یاسا law وسیستم order وکۆچ کردن immigration ؟

A. Chancellor of the Exchequer وەزیری دارایی وئابووری

B. سەرۆکی قەمچی بەدەستان Cheif Whip

C. وەزیری ناوخۆ Home Secretary

D. سەرۆکی ئەنجوومەنی لۆردەکان و باڵای دادگا Lord Chancellor

11. کێ جێنشینی عەرشی (تەختی پاشایەتییە) current heir to the throne ئێستا؟

A. میر ولیام

B. دۆکی ئەدنبەرە

C. دۆکی یۆرك

D. میری وێڵز Prince of Wales

12. حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە فەرمان بکات بە پۆلیس فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن لە هەر مەسەلەیەکی بیانەوێت. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

13. ئەنجوومەنی ئەوروپا Council of Europe دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای نییە. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

14. کامە لەوانەی خوارەوە ڕاستە دەربارەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسی لە میدیاکان لە ماوەکانی هەڵبژاردن لە شانشینی یەکگرتوو UK؟

دوو وەڵامی ڕاست لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە؟

A. پێویستە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کاتێکی یەکسان بداتە بیروڕا جیاوازەکان rival viewpoint

B. هەموو ڕاپۆرتەکانی ڕادیۆ وتەلەفزیۆن پێویستە هاوسەنگ بن must be balanced

C. شتێکی نایاساییە بۆ ڕۆژنامەکان هەڵمەتی سیاسی بگێڕن بۆ کارکردنە سەر بیروڕای خەڵك

D. پێویستە سیاسیەکان لە پێشوەختدا پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە بخوێننەوە

15. کۆمەڵەی خانووبەخشین A housing association لەلایەن حکومەت هەڵدەسوڕێ. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

16. ئەگەر تەنها یەك کەس لە ماڵێکدا بژیت، چەند لە باجی شارەوانی (کانسل تاکس) council tax بۆ دادەشکێ؟

A. ٪5

B. ٪25

C. ٪50

D. ٪75

17. ڕۆڵی ئەمینداری نیشتیمانی National Trust چییە؟

A. وەرگرتنی مۆڵەتنامەی تەلەفزیۆن TV licence

B. مسۆگەر کردنی موچەی خانەنشینی بۆ کارمەندەکانی حکومەت

C. چاك کردن بارەگای جێنشینی سەرۆك وەزیران the Prime Minister

D. پاراستنی ساختمانە گرنگەکان ولادێیەکان لە شانشینی یەکگرتوو UK

18. هەموو تاکسیی ومینی کابەکان دەبێت مۆڵەتیان هەبێت ومۆڵەتەکەش نیشان بدەن، ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

19. پێویستە لە کوێ بەدوای دکتۆری گشتی GP بگەڕێی؟

A. بە زوترین کات کە دەگوێزیتەوە بۆ شوێنێکی نوێ

B. کاتێ خۆت تۆمار دەکەیت لەگەڵ دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority

C. کاتێ نەخۆش دەکەویت

D. کاتێ سەردانی نەخۆشخانەی ناوەخۆ دەکەیت

20. کێ بە بەردەوامی پەیوەندی دەکات بە باوکان ودایکان وئامۆژگاریان پێ دەدات لەپاش لە دایك بوونی منداڵێك وتا تەمەنی پێنج ساڵان؟

A. میوانێکی تەندروستی health visitor

B. مامانێك midwife

C. تایبەتمەندێك (پسپۆرێك)

D. چاویلکە سازێك

21. لە ئینگلتەرا ئامۆژگاری کار پێشکەش دەکرێت بۆ منداڵان لە تەمەنی 14 وبەسەرەوە لەلایەن Connexions. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

22. گوتەی ڕاست لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە؟

A. شتێکی ناياساییە جیاخوازی discriminate بکەیت لە دژی یەکێك لە کاردا لە هەر هەل ومەرجێکدا

B. شتێکی یاساییە جیاخوازی discriminate بکەیت لە دژی یەکێك ئەگەر کارەکەی ئەو کەسە بۆ خاوەن کارەکە ئەندامی خێزانەکەی خۆی بوو

23. لە چ تەمەنێك پیاوان دەتوانن موچەی خانەنشینی a state pension دەوڵەت وەرگرن؟

A. 55 ساڵان
B. 60 ساڵان
C. 65 ساڵان
D. 70 ساڵان

24. گوتەی ڕاست لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە؟

A. دەبێت تۆ بەلایەنی کەم 18 ساڵان بیت بۆ ئەوەی شیاو بیت eligible بۆ وەرگرتنی کۆمەکی لاوە تازە پێگەیشتوەکان Young Person's Bridging Allowance (YPBA)
B. پێویستە تۆ 16 یان 17 ساڵان بیت بۆ ئەوەی شیاو بیت بۆ کۆمەکی لاوە تازە پێگەیشتوەکان Young Person's Bridging Allowance (YPBA)

تێستی ئراکتیکی حەوتەم

1. لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەت 1990s چەند گروپێك لە خەڵکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هاتن بۆ بەریتانیا بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی نوێ وئەمینتر. ئەو گوتەیە statement راستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

2. ماوەی بەژداربوونی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی دووەم The Second World War چەند بوو؟

A. 2 دوو ساڵ
B. 4 ساڵ
C. 6 ساڵ
D. 8 ساڵ

3. ڕێژەی سەدی هێزی کارگەری workforce ئافرەتان چەندە؟

A. لە 40٪
B. لە 45٪
C. لە 51٪
D. لە 65٪

4. ڕۆژی دیاری Boxing Day چییە؟

A. 1 جانیوەری / کانونی دووەم
B. 25 دیسەمبەر / کانونی یەکەم
C. 26 دیسەمبەر / کانونی یەکەم
D. 31 دیسەمبەر / کانونی یەکەم

5. چ ناوێکی تر دەتوانرێت بەکار بێت بۆ ئاماژە کردن بۆ کلێسای ئینگلتەرا The Church of England؟

A. کلێسای ئەنگلیکانی Anglican Church
B. کلێسای کاسۆلیکی Catholic Church
C. کلێسای مێسودۆسی Methodist Church
D. کلێسای پریسبەتێری Presbyterians Church

6. چ وەرزشێك یاری دەكرێت لە پێشبڕكێی وێمبلدن Wimbledon tournament؟

A. كریكت
B. تۆپی پێ
C. ڕەگبی
D. تێنس

7. ڕێژەی ئەو كریستانانەی كە لەسەر مەزهەبی كاسۆلیكن Roman Catholic لە شانشینی یەكگرتوو UK چەندە؟

A. ٪10
B. ٪20
C. ٪30
D. ٪40

8. ناوی كۆشكی لادێی country house سەرۆك وەزیران چییە؟

A. 10 داونینگ ستریت 10 Downing Street
B. قەڵای بالمۆرال
C. چیكەرس Chequers
D. كۆشكی وێستمنستەر

9. كام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. هاوڵاتیانی وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا EU كە نیشتەجێی شانشینی یەكگرتوون UK ناتوانن دەنگ بدەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نیشتیمانی
B. هاوڵاتیانی وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا EU كە نیشتەجێی شانشینی یەكگرتوون UK دەتوانن دەنگ بدەن لە هەموو هەڵبژاردنە گشتییەكان

10. دەكرێت سەرۆك وەزیران the Prime Minister لە پۆستەكەی لابدرێت لەلایەن پارتەكەی لەهەر كاتێكدا. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

11. دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority زۆربەی پارەكانی لەكوێ بۆ دێت؟

A. باجەكانی حكومەت
B. دەركردنی تكیتی پارك كردن
C. باجی شارەوانی (كانسل تاكس) council tax
D. بەخششەكانی لۆتەری

12. كێ سەروەری وڵاتە head of state لە شانشینی یەكگرتوو UK ؟

A. وەزیری ناوخۆ Home Secretary
B. پاشا یان شاژن king or queen
C. سەرۆك وەزیران the Prime Minister
D. قسەكەری ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons

13. کەی ئەنجوومەنی ئەورووپا Council of Europe دامەزرا؟

A. لە 1901
B. لە 1949
C. لە 1964
D. لە 1982

14. ڕۆڵی گرنگی سەرۆك وەزیران چییە؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. دامەزراندنی ئەندامانی کابینە
B. سەرکردایەتی کردنی پارتی خاوەن دەسەڵات
C. جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەروەری وڵات head of state
D. دەست بەکارکردنی یاسای نوێ لە ڕێگای پێ بەخشینی ڕەزامەندی شاژن بە یاساکان legislation

15. لیستی بەسەرکردنەوە inventory چی تێدایە، کاتێك دانەیەکی دەخرێتە سەر کۆنتراکتی کرێ tenancy agreement؟

A. لیستێکە لە کەل وپەلەکان وئەو شتانەی لە ماڵەکە بەستراوە
B. لیستێکە بە هەموو کەسێکی لەو خانوە ژیاون
C. تۆمارگەیەکە بۆ کرێیەکانی خانوەکە
D. زانیارییە دەربارەی خاوەنی خانوەکە

16. ئەگەر خانوێك بە مۆرگێج mortgage بکرێت، پێویستە بینایەکە بیمە بکەیت لە دژی ئاگر و دزی وزیانی ڕوداوێك. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

17. قەرزکردنی خەڵك لە بانك بۆ کڕینی ئوتۆمبیل یان خەرجی هولیدای (پشوو) لە شانشینی یەکگرتوو UK باوترە لە وڵاتانی تر. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

18. کەمترین تەمەنی پێویست بۆ لێخوڕینی ئوتۆمبیل چەندە؟

A. 16 ساڵ
B. 17 ساڵ
C. 18 ساڵ
D. 21 ساڵ

19. کام لەو گوتنانەی خوارەوە ڕاستە؟

A. ناسنامە identity card تەنها دۆکیومێنتێکە (بەڵگەنامەیەکە) کە دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ سەلماندنی خۆت
B. مۆڵەتی لێخوڕین driving licence ودوا بیلی تەلەفۆنیش بۆیان هەیە کەسایەتی تۆ بسەلێنن

20. ڕێکخراوی پلاندانانی خێزان The Family Planning Association دەتوانێت لە چ بوارێك ئامۆژگاریت پێشکەش بکات؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. تەندروستی زایەندەیی (سێکسی)

B. ڕێگەگرتن لە سك پڕبوون Contraception

C. بەهاکانی خێزان

D. خزمەتگوزاریەکانی ئەمبولانس

21. باوکان ودایکان بۆیان نییە لە ئەنجوومەنی قوتابخانەکان body school's governing بن. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

22. بە پێی یاسا ئەو پیا وژنەی هەمان کار دەکەن پێویستە موچەیەکی یەکسان وەرگرن. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

23. لە چ تەمەنێك ئافرەتان دەتوانن موچەی خانەنشینی a state pension دەوڵەت وەرگرن؟

A. 55 ساڵان

B. 60 ساڵان

C. 65 ساڵان

D. 70 ساڵان

24. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. لە زوترین کات کە تۆ بویتە خاوەن کاری خۆ self-employed پێویستە خۆت تۆمار بکەیت بۆ بیمەی نیشتیمانی national insurance و باج (تاکس) لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە فەرمانگەی باجی داهات وگومرگ HM Revenue and Customs

B. پێویست ناکات پەیوەندی لەگەڵ فەرمانگەی باجی داهات وگومرگ HM Revenue and Customs بکەیت کاتێك دەبیتە خاوەن کاری خۆ self-employed ت.

تێستی ئراکتیکی هەشتەم

1. ئامانجی ئەنجوومەنی ئەوروپا Council of Europe چییە؟

A. بۆ دروست کردنی یەك بازاڕ بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن

B. بۆ دەرهێنانی فەرمان directives و ڕێنومایی regulations نوێ

C. بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیار وبڕیار وخەرجیەکانی کۆمسیۆنی ئەوروپی The European Commission یە

D. بۆ پێشخستنی ئەو پەیماننامانەیە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ ودیموکراسی وپەروەردە وفێربوون، وژینگە وتەندروستی ورۆشنبیریی

2. بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جولەکە لە ساڵەکانی 1880 – 1910 هاتن بۆ بەریتانیا؟

A. بۆ ڕاکردن لە برسێتی

B. بۆ ڕاکردن لە هێرشە ڕەیسبستەکان to escape racist attacks

C. بۆ هێرش کردن وداگیرکردنی خاك

D. بۆ کارکردن لە کارگەکانی ڕستن

3. کەی جەنگی یەکەمی جیهانی The First World War کۆتایی هات؟

A. 1914

B. 1918

C. 1925

D. 1945

4. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. ڕۆژی دیاری Boxing Day و ساڵی نوێ New Year هەردووکیان ڕۆژی پشوون

B. ساڵی نوێ New Year ڕۆژی پشووە بەڵام ڕۆژی دیاری Boxing Day پشوو نییە

5. زارزمانی کۆکنی Cockney لەکوێ قسەی پێدەکرێت؟

A. کۆرنوێل Cornwall

B. لیڤەرپول Liverpool

C. لەندەن London

D. تینسایید Tyneside

6. بۆچی سەرژمێری لە شانشینی یەکگرتوو UK نەکرا لە ساڵی 1941؟

A. چونکە بەریتانیا لە جەنگ دا بوو

B. چونکە لەلایەن حکومەت بەتاڵ کرایەوە

C. چونکە بایکۆت کرا – موقاتەعە کرا – لەلایەن جەماوەر

D. هیچ سەرژمێریەك بۆ ئەو ساڵە پلان نەکرا بوو

7. کارکردنی منداڵان لە شانشینی یەکگرتوو UK بە هۆی یاسا بە شێوەیەکی توند کۆنترۆڵ کراوە. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

8. ناوی ئەو پایە وەزارییە چییە کە بەرپرسیارە لە کاروباری یاسایی legal affairs؟

A. وەزیری دارایی وئابووری Chancellor of the Exchequer

B. وەزیری دەرەوە Foreign Secretary

C. وەزیری ناوخۆ Home Secretary

D. سەرۆکی ئەنجوومەنی لۆردەکان و باڵای دادگا Lord Chancellor

9. لە کام هەڵبژاردنەکان هاوڵاتی ئەوروپی دەتوانێ دەنگ بدات؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. هەڵبژاردنەکانی ئەوروپی

B. هەڵبژاردنەکانی ناوەخۆ

C. هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکان

D. هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەنجوومەنی لۆردەکان

10. کام لەو پەرلەمان وئەنجوومەنانە نوێنەرایەتی ڕێژەیی Proportional representation بەکار ناهێنن؟

A. ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons
B. ئەنجوومەنی ئێرلەندای باکوور
C. پەرلەمانی وێلزی
D. پەرلەمانی سکوتلەندی Scottish Parliament

11. ڕۆڵی کابینەی وەزیران چییە؟

A. بۆ پشکنینی وردی ئەو یاسایە پێشنیارکراوانەیە لەلایەن ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons
B. بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو سکاڵا مەترسیدارانەیە کە لە دژی پۆلیس دەکرێت
C. بۆ بڕیاردانە لەمەڕ سیاسەتەکانی دەوڵەت
D. بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی پاشایەتییە بۆ یاسا نوێیەکان royal assent

12. کام لەو خزمەتگوزارییانە کە پێشکەش دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority ئیلزامی mandatory نین؟

A. پەروەردە وفێرکردن
B. خزمەتگوزاری ئاگرکوژێنەوە
C. کۆکردنەوەی زبڵ
D. هیچیان – هەموویان خزمەتگوزاری ئیلزامین mandatory services کە لەلایەن دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority پێشکەش دەکرێت

13. ڕۆڵی شانشینی یەکگرتوو UK لەناو نەتەوە یەکگرتوەکان UN چییە؟

A. ئەندامە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانUN Security Council
B. شوێنی بێلایەن بۆ میوانداری کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان UN دەستەبەر دەکات لە سکوتلەندا
C. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان UN لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵدەبژێرێت
D. هەموو ئەوانەی سەرەوە

14. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons گرنگترە لە دوو بەشەکەی تری پەرلەمان
B. ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords گرنگترە لە دوو بەشەکەی تری پەرلەمان

15. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. کاتێك بە پرایفت خانوێك بەکرێ دەگریت دەبێت کۆنتراکتی کرێ agreement tenancy یان لیسێك lease ئیمزا بکەیت

B. کاتێك تۆ دەتەوێت خانوێك بکڕیت دەبێت کۆنتراکتی کرێ یان لیسێك ئیمزا بکەیت

16. پێویستە لەگەڵ کێ قسە بکەیت ئەگەر گیروگرفتت لەگەڵ هاوسێکەت هەبوو؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. خاوەن خانوت landlord

B. دەسەڵاتداری ناوخۆ local authority

C. بانك

D. دکتۆری گشتیت GP

17. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. ئەگەر داوای قەرزکردنت ڕەت کرایەوە، مافی ئەوەت هەیە بپرسیت بۆ

B. بانکەکان تەنها ریکۆردی دراوی (پارەیی) پێشووت ڕەچاو دەکات کاتێك بڕیار دەدات دەربارەی قەرزێك

18. زۆرترین ژمارەی سەعاتی (کاتژمێری) کارکردن چەندە بۆ منداڵێك بتوانێت کار بکات لە ڕۆژانی قوتابخانە یان یەك شەممەدا؟

A. هەشت سەعات

B. چوار سەعات

C. شەش سەعات

D. دوو سەعات

19. منداڵان لە ئینگلتەرا لە چ تەمەنێك بۆ قوتابخانەی دواناوەندی secondary school دەچن؟

A. 11

B. 12

C. 15

D. 9

20. لە ماوەی چەند دا پێویستە منداڵی تازە لە دایك بوو تۆمار بکرێت لە فەرمانگەی تۆمارکردنی لەدایك بوون و هاوسەرگیری ومردن؟

A. یەك هەفتە

B. شەش مانگ

C. شەش هەفتە

D. دوازدە مانگ

21. چەند ڕۆژ لە ساڵێکدا دەبێت قوتابخانە بکرێتەوە؟

A. 100 ڕۆژ

B. 150 ڕۆژ

C. 190 ڕۆژ

D. 365 ڕۆژ

22. کارێکی نایاساییە it is illegal بۆ منداڵێك کار بکات بۆ زیاتر لە سەعاتێك پێش دەستپێکردنی قوتابخانە . ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

23. لە کوێ دەتوانیت داوای ژمارەی بیمەی نیشتیمانی national insurance number بکەیت؟ دوو لە وانەی خوارەوە هەڵبژێرە

A. لە هەر مەڵبەندێکی کار دۆزینەوە Jobcentre Plus

B. لە نوسینگەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناوەخۆ (سۆشیال سیکیوریتی ئۆفیس)

C. لە کتێبخانەی گشتی ناوەخۆ

D. لە شارەوانی ناوەخۆ یان لە town hall

---

24. هاوڵاتیانی بەریتانی پێویستیان بە وەرگرتنی مۆڵەتی کارە work permit بەرلەوەی بتوانن کاربکەن لەهەر وڵاتێکی ئەندام لە ناوچەی ئابووری ئەوروپی European Economic Area(EEA). ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

تێستی ئراکتیکی نۆیەم

1. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. لە بەریتانیای سەدەی 19 نۆزدەهەم، ئافرەت مافەکانی کەمتر بوو لە پیاوان

B. ئافرەت هەردەم هەمان مافی پیاوی هەبووە

---

2. کەی ئافرەتی تەمەن لەسەروی 30 ساڵ مافی دەنگدانی وەرگرت؟

A. 1840

B. 1901

C. 1918

D. 1945

---

3. چەند جار زۆربەی منداڵانی شانشینی یەکگرتوو UK خەرجی گیرفان pocket money وەردەگرن؟

A. هەموو ڕۆژێك

B. هەموو مانگێك

C. هەموو هەفتەیەك

D. تەنها لە جەژنی لەدایك بوونیان birthday

---

4. پێشبڕکێی مەزن Grand National چییە؟

A. پێشبڕکێی تێنسە

B. جامی تۆپی پێ یە

C. قارەمانیەتی گۆلفە

D. پێشبڕکێی ئەسپە

---

5. ڕۆژی بیرەوەری Remembrance Day چیمان بیردەهێنێتەوە؟

A. بەرزنرخاندنی دایکە تاکەکان mother single

B. ئاهەنگ گێڕانی کۆمەڵ

C. لە خاچدانی یەسوعی مەسیح Jesus Christ

D. بیرەوەری ئەوانەیە کە لەکاتی بەژداریان لە جەنگدا مردن

---

6. ڕێژەی کەمینەی ئیتنیکی ethnic minority کە لە شانشینی یەکگرتوو - UK- دەژین چەندە؟

A. 15٪

B. 2٪

C. 25٪

D. 8٪

7. خەلکی جاروبار چی دەکەن لە ڕۆژی ڤالنتاین Valentine's Day ؟

A. بەڕۆژوو دەبن هەموو ڕۆژەکە
B. گاڵتە ویاری بەیەك دەکەن تا نیوەڕۆ
C. کارتی نەناسراو anonymous cards بۆ یەکێك دەنێرن کە بە نهێنی پێی سەرسام بن admire
D. گوڵی سور (پەپی poopies) هەڵدەواسن لە ڕۆژی ڤالنتاین Valentine's Day

8. کام وەزیر دەتوانێت لە ئەنجوومەنی لۆردەکان The House of Lords یان ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons دانیشێت؟

A. وەزیری دارایی وئابووری Chancellor of the Exchequer
B. وەزیری دەرەوە Foreign Secretary
C. سەرۆکی ئەنجوومەنی لۆردەکان و باڵای دادگا Lord Chancellor
D. وەزیری ناوخۆ Home Secretary

9. چەند جار تۆماری هەڵبژاردن electoral register نوێدەکرێتەوە updated؟

A. هەموو پێنج ساڵێك
B. هەر کاتێك یەکێك ماڵی گواستەوە
C. هەموو دوو ساڵێك
D. هەموو ساڵێك

10. کەی هەڵبژاردنی حکومەتی ناوەخۆ Local government دەکرێت؟

A. هەر دوو ساڵ جارێك لە ئەپریل
B. لە جۆن June و دیسەمبەر December ی هەر ساڵێك
C. لە مایس May ی هەموو ساڵێك
D. لە سێپتەمبەر September ی هەموو ساڵێك

11. ژمارەی ئەو سیاسیانەی کە لە کابینەدان چەندە؟

A. دەوروبەری 10
B. دەوروبەری 20
C. دەوروبەری 30
D. دەوروبەری 40

12. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. بارەگای پۆلیسی میترۆپۆلیتان Metropolitan Police دەکەوێتە نیو سکوتلەندیارد New Scotland Yard
B. پۆلیسی میترۆپۆلیتان Metropolitan Police دەکەوێتە کۆشکی وێستمنستەر

13. چۆن قسەکەری ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons هەڵدەبژێرێت؟

A. لەلایەن پاشا یان شاژن king or queen دیاری دەکرێت

B. لەلایەن سەرۆك وەزیران the Prime Minister هەڵدەبژێرێت

C. لەلایەن هاوەڵانی لە ئەندامانی پەرلەمان MPs هەڵدەبژێرێت

D. لەلایەن جەماوەر هەڵدەبژێرێت

14. کەی دەستەی سوێند خۆران jury بەکار دێت؟

A. بۆ هەڵبژاردنی سزایەکی گونجاو بۆ یەکێکی تاوانبار بە تاوانێکی ترسناك

B. بۆ دووپات کردنەوەی بڕیارێك لەلایەن دادوەر دەرچوە

C. بۆ بڕیاردانی تاوانباری guilty یان بێ تاوانی innocent کەسێك سەبارەت بە تاوانێکی ترسناك a serious crime

D. بۆ بڕیاردانی تاوانباری یان بێ تاوانی کەسێك سەبارەت بە تاوانێکی سوکتر

15. بۆچی داوات لێدەکرێت دیپۆزیت بدەیتە خاوەن خانو landlord ەکەت لە سەرەتای کۆنتراکتی کرێ agreement tenancy ؟

A. بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەر زیانێك بە خانووەکە دەکەوێت

B. بۆ پارەدان بە کۆمپانیای کارەبا

C. بۆ دانی نرخی کلیلەکانی خانووەکە

D. بۆ کردنەوەی ژمارە حسابێك

16. فیلمی پۆلێنکراو بە the film classification U مانای چییە؟

A. منداڵان لە ژێر تەمەنی 15 ساڵ بۆیان نییە ئەو جۆرە فیلمە ببینن یان بەکرێ بگرن

B. هەموو کەسێك لە ژێر تەمەنی 18 ساڵ بۆیان هەیە ئەو جۆرە فیلمە ببینن یان بەکرێ بگرن

C. گونجاوە بۆ هەر کەسێك لە چوار ساڵ بۆ سەرەوە

D. گونجاوە بۆ هەموو کەسێك بەڵام هەندێك لە بەشەکانی فیلمەکە لەوانەیە گونجاو نەبێت بۆ منداڵان

17. کەمترین تەمەن بۆ خواردنەوەی ئەلکهول چەندە؟

A. 16 ساڵ

B. 18 ساڵ

C. 21 ساڵ

D. حاڵەت کەوتوە ئەگەر تۆ لەگەڵ یەکێکی پێگەیشتوو adult بیت

18. حکومەت لە کوێ هانی کرێکارانی دا کۆچ بکەن بۆ یارمەتی دانی بنیاتنانەوەی بەریتانیا لەپاش جەنگی جیهانی دووەم The Second World War ؟

A. ئێرلەندا وبەشەکانی تری ئەوروپا و دورگەکانی هیندی خۆرئاوا West Indies

B. ئەمریکا وبەشەکانی تری باکووری ئەمریکا

C. ئوسترالیا وبەشەکانی تری ئۆقیانوسیا

D. هیندستان وپاکستان وبەنگلادیش

19. تۆ ناگیرێیت ئەگەر نەتهێشت ئەزموونی پشکنینی هەناسەت Breathalyzer بکەن. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

20. خوێندن بۆ منداڵان بە خۆڕایی وبەخۆویستییە voluntary لە نێوان تەمەنی 5 بۆ 16 ساڵ. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

21. ئەو یارمەتییە دراوییە ناوی چییە کە دەدرێتە ئەو گەنجانەی زوو قوتابخانە بەجێ دەهێڵن لە خێزانە کەم داهاتەکان low incomes families ؟

A. After School Allowance

B. Education Maintenance Allowance

C. Housing Benefit

D. School Leaver's Payment

22. لە ئێرلەندای باکوور Northern Ireland کارێکی یاساییە جیاخوازی discriminate بکەیت لەسەر بیناغەی باوەڕی ئایینی یان بیروڕای سیاسی. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

23. لەبەر کام هۆ لەوانەیە دەمودەست لەکار دەربکرێیت؟

A. لەبەر بەدڕەفتاری misconduct

B. لەبەر تەمەنت

C. لەبەر بیروبڕوای ئاینیت

D. لەبەر مەیلی سێکسی sexuality

24. کەمترین ژمارەی ئەو هەفتانەی کە ئافرەت دەتوانێت وەریگرێت وەك مۆڵەتی دایکایەتی maternity leave چەندە؟

A. 11 هەفتە

B. 16 هەفتە

C. 21 هەفتە

D. 26 هەفتە

تێستی ئراکتیکی دەهەم

1. کام لەو گوتنانەی statements خوارەوە ڕاستە؟

A. لە ساڵانی شەست (1960s) وحەفتاکان (1970s) پەرلەمان چەند یاسایەکی دەرکرد کە مافی یەکسانی لە کرێ ی the right to equal pay دایە ئافرەتان

B. لە ساڵانی شەست (1960s) وحەفتاکان (1970s) پەرلەمان چەند یاسایەکی دەرکرد رێگەی بە خاوەن کارەکان دا جیاخوازی discriminate بکەن لە دژی ئافرەت لەبەر ڕەگەزیان their gender

2. جگەرە کێشان لەلایەن خەڵکی پێگەیشتوو adult لە بەریتانیا بە شێوەیەکی بەرچاو

بەرزبۆتەوە. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

3. لە ساڵانی هەشتا (1980s) گەورەترین گروپە کۆچکەرەکان بۆ شانشینی یەکگرتوو UK لە کوێوە هاتن؟

A. چین وژاپۆن وکۆریای باشوور
B. هیندستان وپاکستان وسریلانکا وبەنگلادیش
C. ڕوسیا Russia وپۆلەندا Poland وبیلاروس Belarus وئۆکرانیا Ukrain
D. ئەمریکا وئوسترالیا وئەفریقیای باشوور ونیوزلەندا

4. چۆن دەتوانیت لە هالەوین دا Hallowe'en منداڵان لە فریوبازی tricks کردن بوەستێنیت ؟

A. تەلەفۆن بکە بۆ پۆلیس
B. هەندێ پارەیان بدەرێ
C. هەندێ چوکلێت وشیرینیان بدەرێ give them sweets or chocolates
D. خۆت لێیان بشارەوە

5. ئەو دوو پیتە کورتکراوەیە FA مانای چییە؟

A. A Federal Agent
B. The Fine Arts
C. The Football Association
D. The Fourth Amendment

6. ڕێژەی سەدی ئەوانەی لە شانشینی یەکگرتوو UK وتویانە کە بەژداری لە چالاکییە ئایینییەکان دەکەن چەندە؟

A. لە دەوروبەری 10٪
B. لە دەوروبەری 20٪
C. لە دەوروبەری 30٪
D. لە دەوروبەری 40٪

7. لە ڕۆژی دایکان Mother's Day بە شێوەیەکی ئاسایی چی ڕوودەدات؟

A. دایکان ژەمە خواردنێکی تایبەت دەکەن بۆ خێزانەکەیان
B. خەڵکی یادی دایکی یەسوعی مەسیح Jesus Christ دەکاتەوە
C. خەڵکی پۆستکارت ودیاری دەدەنە دایکیان
D. خەڵکی ئاگربازی Fireworks دەکەن

8. لەوە دەچێت هەلی کەسێك زیاتر بێت لە هەڵبژاردنی وەك ئەندام پەرلەمان MP ئەگەر لەلایەن حزبێکی سیاسی گەورە دەستنیشان کرا. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

9. ناشێ تۆماری هەڵبژاردن electoral register ببینیت چونکە ئەوە زیان بە تایبەتمەندی دەنگدەران privacy voters دەگەیەنێت. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە
B. چەوتە

10. بەریتانیا ئەندامێکی دامەزرێنەری یەکێتی ئەورووپا The European Union یە. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟
A. ڕاستە
B. چەوتە

11. کام لەو پەرلەمان وئەنجوومەنانە نوێنەرایەتی ڕێژەیی Proportional representation بەکار دەهێنن؟

A. پەرلەمانی سکوتلەندی Scottish Parliament
B. ئەنجوومەنی ئێرلەندای Northern Ireland Assembly
C. پەرلەمانی ئەورووپی European Parliament
D. هەموو ئەوانەی سەرەوە

12. ئامانجی نەتەوە یەکگرتوەکان UN چییە؟

A. پێکهێنانی یەك بازاڕ بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان
B. دروستکردنی یاسایەکی جیهانی بۆ بە یاساکردنی پەیوەندییە بێگانەکان
C. بۆ لێکۆڵینەوەی پێشخستنی جیهانی سێیەم وپێشنیاری پارە پێدان
D. بۆ نەهێشتنی ڕودانی جەنگ وپاراستنی ئاشتی وئاسایشی نێودەوڵەتی to prevent war and promote international peace and security

13. ناوی ئەو سیستمە چییە کە بە پێیەوە ئەندامانی پەرلەمان MPs بۆ ئەنجوومەنی پەرلەمانی گشتی The House of Commons هەڵدەبژێردرێن؟

A. سیستمی سەرجەمی دەنگدان aggregated vote system
B. سیستمی کۆلێژی دەنگدان
C. سیستمی 'first past the post'
D. سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی Proportional representation

14. کێ سەرۆکی کۆمنوێلسە Commonwealth؟
A. کەڵە قەشەی کانتەربەری Archbishop of Canterbury
B. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا
C. شاژن Queen
D. وەزیری کۆمنوێلس

15. ئەو دیپۆزیتەی کە دەدرێتە خاوەن خانو landlord لە سەرەتای گرێبەستی کرێ یەکسانە بە کرێی یەك مانگ. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟
A. ڕاستە
B. چەوتە

16. فیلمی پۆلێنکراو بە the film classification بە PG مانای چییە؟

A. منداڵان لە ژێر تەمەنی 15 ساڵ بۆیان نییە ئەو جۆرە فیلمە ببینن یان بەکرێ بگرن

B. منداڵان لە ژێر تەمەنی 18 ساڵ بۆیان هەیە ئەو جۆرە فیلمە ببینن یان بەکرێ بگرن

C. گونجاوە بۆ هەر کەسێك لە چوار ساڵانەوە بۆ سەرەوە

D. گونجاوە بۆ هەموو کەسێك بەڵام هەندێك لە بەشەکانی فیلمەکە لەوانەیە گونجاو نەبێت بۆ منداڵان

17. ڕێژەی سوود interest rate لە یەکێتیەکانی قەرز بەخشین Credit Unions زۆربەی جار بەرزترە لە بانکەکان. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

18. وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە لەمانەی خوارەوە

A. منداڵان بۆیان هەیە هەموو ماوەی پشووی قوتابخانەیان کار بکەن

B. منداڵان دەبێ بەلایەنی کەم دوو هەفتەی بەدوای یەك لە ساڵێك پشوو بدەن لە ماوەی پشوویان

19. ئەگەر نەتتوانی دکتۆری گشتی GP بدۆزیتەوە، دەتوانی داوای یارمەتی لەکێ بکەیت بۆ دۆزینەوەی یەکێکیان؟

A. نوسینگەی ڕاوێژکاری هاوڵاتی Citizen Advice Bureau

B. دەسەڵاتداری تەندروستی ناوەخۆ The local health authority

C. نەخۆشخانەی ناوەخۆ

D. ئەندام پەرلەمانی MP ناوەخۆ

20. ئەگەر منداڵێك نەچوو بۆ قوتابخانە، لەوانەیە باوك ودایکی تووشی لێپرسینەوە وسزادان بن. ئەو گوتەیە statement ڕاستە یان چەوتە؟

A. ڕاستە

B. چەوتە

21. ئەو کۆرسانە چین بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێتزمانی ئینگلیزیان چاکترکەن؟

A. ئی ئەی ئێل EAL

B. ئی ئی ئی EEE

C. ئیسۆل ESOL

D. NHS

22. لیژنەی هەلە یەکسانەکان Equal opportunities Commission دەتوانێت لە چ جۆرە جیاخوازیەك یارمەتیت بدات؟

